

جەبار سابیر

ئایرۆنی

## تاکسی نەفەرات

لەهەموو وڵاتێکی دنیادا بەتایبەت وڵاتە پێشکەوتوو گەشەسەندووەکان هۆکاری گواستنەوە هەیە، وەک شەمەندۆفێرهو میترۆ و ئۆتۆبان و پاسی کورت و درێژو دواتر تاکسیش کەهەموویان وەک نەفەرات کاردەکەن و خەڵک دەگوێزنەوە و خزمەتێکی زۆر بەوڵاتەکەو پێشکەوتنی وڵاتەکەیان دەگەینن. لەهەر وڵاتێکدا هۆکارەکانی گواستنەوەو گەیاندن خاوخلیچک بێت پێشکەوتنی وڵاتەکەیش هەمان شێوە بەخاوی دەڕوات. لەکوردستنای خۆماندا کەتازە لەسەر ڕێگەی بەسەرمایەداری بوون و پێشکەوتنە، تاقە هۆکاری گواستنەوە پاس و تاکسییەو ئەو دووەش لەچاو زۆری جەڵک و گەورەیی وڵاتەوە فریا ناکەون. گەیاندن لێرە تەنیا هێڵێکی تەلیفۆنی زۆر خراپ و چەند کۆمپانیایەکی مۆبیلە کەدانویان پێکەوە ناکوڵێ. ئێمە قسە لەسەر گواستنەوە دەکەین، کە ڕۆژ بەرۆژ نرخەکەی بەرزدەبێتەوە و حورمەتی ئینسانیشی تێدا کەمدەبێتەوە. لە (سنەو تا تاران)ی پایتەختی کۆماری ئیسلامی بەپاسی (ڤۆڵڤۆ) بە (پێنچ هەزار تمەن دەرۆی واتا حەفت هەزارو پێنج سەد دیناری خۆمان)ئەمە لەکاتێکدا نرخی سووتەمەنی ڕەنگە کەمێک لێرە هەرزانتربێت، بەڵام لەچاو دووری ڕێگاکەیدا هەر بەراورد ناکرێت. کەچی لێرەوە تاباشماخ نزیکەی پازدە هەزار دینارت دەوێت.

لەم ڕۆژانەدا بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی کرێی پاسەوە بۆ (٥٠٠) دیناری چاپی نوێ هەرایەکی گەورە کەوتە ناو خەڵکەوە ئەم نرخ زیادبوونە دەمێکە لەناو شۆفێرەکان و بەناو سەندیکای شۆفێرانەوە قسەی لەسەر دەکرێت. لەم ناوەشدا حکومەت بێدەنگی هەڵبژاردووە. ئیتر ئەوە گرانبوونی شتی تریشی بەدواوەیە، چونکە ئەوە هەڵکردنی گڵۆپی سەوزە. دەکرێ واز لەهەموو ئەو دەردوو دوانە بهێنین کەتوشی ئەم خەڵکە بووە، بەڵام چارەسەرێکی مامناوەندی بۆ زیادبوونی نرخی پاسەکان بدۆزینەوە. سەرەتا باسی ئەوەمان کرد کە لەهەموو وڵاتێکدا گواستنەوە و هاتووچۆ زۆربکرێن. سەرەتا دەکرێ ئەو پاسە درێژانەی پێیان دەوت مەسڵەحە بخرێنەوە کار، کۆمپانیای هاتووچۆو گواستنەوە لەناو شارەکان و دەرەوەی شارەکان دابمەزرێ. هێڵی نێوان شارەکان بدرێنە دەست کۆمپانیاو نرخێکی زۆر کەمی لەسەر دابنرێت، ئەمەش کاتێک دەکرێت کە حکومەت وەک لایەنێکی بەرپرس و خەمخۆری وڵات تەواوی شوتەمەنی بەنرخی کەم بۆ هێڵەکانی گواستنەوە دابین بکات. بەڵام باشترین کارێک لەبەرژەوەندی خەڵکدا لەم قۆناغەدا بکرێت ئەوەیە تاکسی بکرێتە نەفەرات و تاکسی تایبەتی نەمێنێ. تاکسی بکرێتە نەفەرات و دوورترین شوێنی شار هەزارو نزیکترین شوێنیش پێنج سەد دینار. ئەوکات ئەو فشارە زۆرەیش لەسەر پاسەکان نامێنن و ئیتر ئەو منەتەی شۆفێری پاسەکانیشمان لەکۆڵدەبێتەوە بەوەی کە زستانان گەرمی بۆ نەفەر هەڵناکەن و هاوینانیش فێنکی ناکەنەوەو وەک مریش بارکەن تەواوی پەنجەرەی پاسەکان کەپس دەکەن بەخاتری ئەوەی نەکرێنەوەو خەڵک زوو بێزار بێت و دابەزێ و یەکێکی تر سەرکەوێت. تاکسی نەفەرات ڕوویەکی تری شارستانی هەر وڵاتێکەو خەڵک زیاتر ئیسراحەتی تێدا دەکات

خەڵک مافی خۆیەتی کەسواری پاس یاخود تاکسییەک دەبێت ئیسراحەتکات بەڵام لەپاسدا قەبرغەت کوندەکەن ئەوەندە پارەت دەدەنێ بیدەیتە پێشەوە. بەڵام لەتاکسییەکەدا هەر خۆتی، یاخود دوو نەفەری ترت لەگەڵەو کەسە کەس بێزارت ناکات. بەو هیوایەی حکومەتی هەرێم بیر لەپرۆژەیەکی وابکاتەوەو بیخاتە بواری کردارییەوە، چونکە خەڵک تا سەرلوتی هاتووەو ئیتر تەحەمولی ئەو بێحورمەتی پێکردنە ناکات. هێشتا مووچە زیادەکەی مۆزەف نەبەستراوە بازاڕ و کرێی هاتووچۆ ئاوا بەرزبۆتەوە، ئەی ئەبێت دواتر چی بقەومێ خودا هاوار.

# دوای بریتنی

# هالی بێری قژی خۆی دەتاشێ



دوای ئەوەی بریتنی سپێرز گۆرانیبێژی ناسراوی جیهانی بەهۆێکی نادیارەوە قژی خۆی هەڵپاچی ، ئێستا ئەستێرەی ناسراوی سینەمایی هالی بێری بۆ ڕۆڵ نواندن لە فیلمێکی نوێدا ناچار دەبێ قژی خۆی بتاشێ .

ئەم هونەرمەندە بەوە ناسراوە کە زۆر زیرەکانە جەخت لەسەر راستینی ناخی ڕووداوەکان دەکاتەوە بەو هۆیەشەوە خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرتووە و وەکو ئەکتەری سەرەکی لە فیلمی جیمس بۆندا وەدیار کەوتووە.

ناوبراو ئامادەیە قژی خۆی بە شێوەیەکی نارێک هەڵپاچێ و هیچ مکیاژ و ئارایش نەکات و بە ئاسایی ڕۆڵی خۆی لەو فیلمەدا ببینێ کە ناوی دەنرێ نامۆی نموونەیی ، هەرچەندە ئەو زۆر لە هەڵپاچینی قژی نیگەران و دوو دڵە ، لەوە دەترسێ ڕاگەیاندنەکان گاڵتەی پێبکەن ، بەڵام زۆر باوەڕی بەوە هەیە لە ڕێگەی ئاساییەوە سەرنجی بینەران بەلای خۆیەوە رابکێشێ ، بۆیە ئامادەیی خۆی بۆ هەڵپاچینی

# شەیتانترین منداڵ، نەخۆشخانە جێدەهێڵێ



پڕ جوولەترین منداڵی جیهان کە دەڵێن تەنیا ٣ مانگ و ٢٥ ڕۆژ لە سکی دایکی هەڵی کردووە، دوایی هاتۆتە دنیاو لە نەخۆشخانەی میامی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەژێر چاودێری پزیشک ڕاگیراوە، سەرەنجام شوێنی لە دایکبوونی جێ هێشتووەو بەرەو ماڵ گەڕاوەتەوە .

ئەمێلیا تیلۆر یەکەمین منداڵە کە کەمتر لە ٢٣ هەفتە لە منداڵدانی دایکی ژیابێ و بە زیندووی مابێتەوە . کاتی لە دایکبوونی تەنیا ٢٨٤ گرام بوو، پێشتر پزیشکەکان لەو باوەڕەدابوون هەر منداڵێک کێشەکەی لە ٤٠٠ گرام کەمتر بێ و پێش ٢٣ هەفتە لەدایک ببێ، ناژی و دەمرێ ، بەڵام مانەوەی ئەمێلیا هەموو پزیشکانی سەرسام کردووە .

ئەمێلیا ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦ لە نەخۆشخانە لەدایک بوو، ئەو کات پزیشکەکان هیوایان بە زیندوو مانەوەی نەبوو، بەڵام ئەو مایەوە و درێژەی بە ژیان دا، ئێستا وەکو موعجیزە باسی لێوە دەکرێ .

کاتێ ئەم منداڵە لەدایک بوو درێژیەکەی بە ئەندازەی قەڵەمێک دەبوو ،بەو هۆیەوە تا ٦ هەفتەی دواتر دایکی نەیدەتوانی لە باوەشی بگرێ . ئێستا کە لە نەخۆشخانە چۆتە دەرێ و بە هاوڕێیەتی باوەشی دایکی بەرەو ماڵ گەڕاوەیەوە کێشەکەی ناگاتە ٢ کیلۆ ، بۆیە پزیشکان ڕێنوێنی دایک و باوکیان کردووە کە زوو زوو بیبەنە لای پزیشک تا پشکنینی بۆ بکرێ .

# بڵاوکراوەی نوێ




## خەڵک و دەسەڵات

کتێبی خەڵک و دەسەڵات کۆمەڵێک ستوونی ڕۆژنامەوانییە لە نوسینی: جەبار سابیرە.

# ژێنیفەر لۆپێز لە سووتان دەربازی دەبێ

**هەواڵەکان:**

ئاشکرایان کرد کە ژێنیفەر لۆپێز و مارک ئانتۆنی هاوسەری لە سووتان ڕزگاریان بووە.

ئەو ژن و مێردە لە کاتێدا کە خەریکی وێنەگرتنی فیلمی " ئێل کاتانانتێ" بوون ، شۆرت لە وایەرێک دەرکەوت ، ئاگر کەوتەوە، بەوهۆیەوە هەردووکیان بە پەلە شوێنەکەیان جێهێشت.

ژێنیفەر لۆپێز وەک ئەکتەرێکی ناسراوی سینەمایی بە جولەو ڕەفتارە سەیرەکانی توانیویەتی سەرنجی زۆری بینەران بەلای خۆیەوە رابکێشی ، هەرجەندە میدیاکانی جیهان بەوە تۆمەتباری دەکەن کە حەزی لە تامیکردن و خۆ نواندن و دەرخستنی جەستەیەتی ، بەڵام ئەو دەڵێ ئەگەر بسووتابام ئەو جەستەو جوانیەم نەدەما !



## خاڵۆ ئەواکس دەڵێ

**فەرمانبەری** وا هەن دوو ساڵ زیاترە کۆچی دواییان کردووە و ئاگایان لە ژیان نەماوە کەچی چونکە خزمی بەرپرسن یان ئەوان پاڵپشتیان بۆ کردوون بە مردوویی پلەکانیان بەرزدەکرێتەوەو مووچەکانیان زیاد دەکرێ ! بەڵام فەرمانبەر لە هەمان شوێن هەیە ، نۆ ساڵ خزمەتی هەیە و بەرزکردنەوەی پلە نایگرێتەوە !!

**ئەندامێکی** پێشووی پەرلەمان وا بزانم ماوەیەک سەرۆکی کوتلەیەک بوو خوا وەها سامانی بەسەر داباراندووە ئیدی بەستەزمان نەیزانی چی لێبکات !! بەڵام بۆ خزمەتی گشتی چەندین خانووی لە شارۆچکەی شەقڵاوە پێکڕی و بە گرێبەند بە کرێی دان ، ئێستا بۆ بەرژەوەندی گشتی لێیان هەڵگەڕاوەتەوەو داوا زیادکردنی کرێیان لێدەکات .

**بۆ پێکهێنانی** ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکان باسی حزبی ڕەسەن و نارەسەن دەکەن ، بەڵام بۆ پشتیوانیکردن لە خۆیان ئەو چەمکە چاو پۆشی لێدەکرێ و داوا لە هەموویان دەکەن کە هەڵوێست وەربگرن و بەیاننامەی پشتگیری بڵاو بکەنەوە !!

**ژمارەیەک** ئەندامی پەرلەمان لە لێدوانی هاوپۆلێکی خۆیان نیگەران و هەراسانن ، بڕیاریان داوە بەیاننامەیەکی لە دژدا بڵاو بکەنەوە ، ئەوەی بن بەرێ بهێننە سەر بەرێ ، جارێ دەبێ چاوەڕوان بین، بزانن ئەویش قسەی دیکەیان پێدەڵێ یان نا !!

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی- یانەی قەڵەم سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. ٠٧٣٠١١١٣٠٦١

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com